# بۆچی ئێمە دژی شەرەنگێزی ئەمریکاین لە ئێران؟

**نووسینی: ئازاد ئارمان**
azadarman@hotmail.com

لە چەند ساڵی ڕابردوو،لە هەزارەی سێ یەمدا، کۆمەڵی نێودەوڵەتی بە ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵاتی یەوە شاهیدی شەرەنگێزی وبەربەریترین جەنگی دەوڵاتی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی بوون لە ئەفگانستان و عێراق و ئێستاش قسە لە سەر لێدانی ئێرانە.کارەساتی ئەم جەنگە هەموو ڕۆژی شاشەی تەلەفزیۆنەکانی داپۆشیووە و،مانشێتی تەواوی ڕۆژنامەکانی دونیای پرکردۆتەوە.ئەم جەنگە لە ڕوانگەی ئەمریکاوە کۆتایی نی یە. هەر وەک خۆیان ناویان لێ ناوە "جەنگی درێژخایەن". بەڵام ئەبێت ئەمە بۆ هەموو کەس ڕۆشن وئاشکرا بێت ئەمریکا لە عێراقدا شکستی خواردووە و بۆ ئەوەی ڕسوایی و شکستەکانی بشارێتەوە قسە لە سەر لێدانی ئێران دەکات. ئەم شەرەنگێزییەی ئێستا ئەمریکا پروپاگەندەی بۆ دەکات، هەمان هاوتەریبی یە مێژووی یەی ئەمریکا مان بیر دەخاتەوە ، کاتی شکستی ستراتیژی یان خوارد لە ساڵی 1970 لە ڤێتنام. لە ژێر سەرۆکایەتی ئەو کاتەی سەرۆک نیکسۆن و سکرتێرەکەی هێنری کیسنجەر، بۆ دەربازبوون لەم هەرەسە هێرشیان کردە سەر وڵاتانی کەمبۆدیا و لاوس. ئەوەی لە بەرامبەر ئێران دەیکات هەمان ئەم لێکچوونەیە لە گەل ئەو کاتەدا. ئەو شەڕخوازی یەی ئێستا ئەمریکا دەیکات ئەوە نیشان دەدات لە لاوازی یەوەیەتی، نەک بەهێزی.

ئەوەتە ڕاگیری یەکان لە خودی کۆمەڵگای ئەمریکا و لە ناو سوپادا نیشانی دەدەن پشتیوانی لە جۆرج بوش لە ئاستێکی زۆر نزمە، لە 31% خەڵک لە ئەمریکا لەیەنگیری لە بوش دەکەن، لە 60% ی خەڵکی ئەمریکا داوای گەرانەوەی سوپای ئەمریکان لە عێراقدا. هەروەها 72% ی سوپای ئەمریکا داوای دەرچوون دەکەن لە عێراقدا، لە 82% ی خەڵی عێراقیش هاوران لە گەلیان بۆ چوونە دەرەوەی ئەمریکا لە عێراق.

لەم کات و ساتەدا هۆکارەکان چین وا لە بوش دەکات جەنگ لە دژی ئێران بەرپابکات؟ وەڵامێکی سادە وڕۆشن. بۆ ئەوەی شکست و ریسوایەکانی خۆی لە عێراقدا بشارێتەوە، ئێرانی کردۆتە ئامانجی خۆی، ئەویش بە بەهانەی بڵاوبوونەوە و دەست راگەیشتنی کۆماری ئیسلامی بە چەکی ئەتۆمی. کە ئەمریکا لە هەموو لایەک باشتر دەزانێ، ئێران ئێستا خاوەنی ئەم چەکە نی یە. بەڵام ئەوە بۆ هەموو کەسێک ڕوون و ئاشکرایە دەوڵەتانی دەوروبەری ئێران خاوەنی ئەم چەکە ئەتۆمی یەن لەوانە: ئیسرائیل، پاکستان، هندستان. هەروەها دەوڵەتە زلهێزە ئیمپریالیستی یەکانی وەکو: خودی ئەمریکا خۆی و، سین و فەرەنسا و ڕووسیا، بەریتانیا.

یەکێکی تر لە بەهانەکانی دەزگاکانی بوش بۆ لێدانی ئێران، مەسەلەی نەبوونی دیموکراسی و مافی مرۆڤە. ئەمە ڕاستە یەکێک لە مەسەلە گرنگەکانی ئەمرۆ نەک لە هەر لە ئێران بەڵکو لە زۆربەی زۆری وڵاتانی جیهان بە خودی ئەمریکاشەوە، نەبوونی مافی مرۆڤە. بەڵام بوش ناتوانی ئیدیعایەکی لەم بارەوە هەبێت، چونکە خودی ئەمریکا خۆی تاوانبارە وەکو دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی لە پێشێلکاری مافی مرۆڤ چ لە ناوخۆی ئەمریکا چ لە سیاسەتی دەرەوەی. عێراق لە چەند ساڵی رابردوودا نموونەیەکی یەکلاکەرەوەیە بۆ ناسینی دیموکراسی و مافە مرۆڤ لە ژێر سایەی داگیرکاری دەوڵەتی بوش. ئامارە تازەکان ئەوە نیشان دەدەن 39000 هەزار زیندانی هەیە لە عێراق دا. ئەمانە سەلمێنەری ئەوەن جیاوازی بوش و ئەحمەدی نەژاد هەزارەها میل نییە؟

مەسەلەی گۆرینی ڕژێم،و هەڵرشتنی فرمێسکی درۆینە بۆ خەڵکی ئێران، یەکێکە لە شێوازەکانی زمانی ئیمپریالیزم بۆ داگیرکردنی وڵاتانی تر، مێژووی ئێران و ناوچەکە ڕاستی ئەم مەسەلەیان بە دڵنیایی یەوە سەلماندووە ئیمپریالیزم هەرگیز ناتوانێ ئاشتی و ئازادی بۆ گەڵان بێنێت. شۆڕشی ئێران لە ساڵی 1979 دا، دەرسێکی لە بیرنەچوونەوەیان دا بە ئیمپریالیزمی ئەمریکی. بەشێک لە دوژمنایەتی ئەمریکا ئەوەیە دەیەوێت تۆڵە لە خەڵکی ئێران بسێنێتەوە. چونکە خەڵکی ئێران بە دیاریکراویش کرێکاران و

خوێندکاران بەهێزترین لایەنگیری ئەمریکایان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دا لە ڕەگ و ڕیشە دەرهێنا، ئەگەر چی لە کۆتایشدا کرێکاران لەم شۆڕشەدا زۆربەی زۆری دەستکەوتەکانیان لە دەست دا و شۆڕش زمانی ئیسلامی بەسەری دا زاڵ بوو.دەسەڵات کەوتە دەست کۆنەپەرستی ئایینی و لیبراڵەکان، کرێکاران و چەپ و سۆسیالیستەکان بوونە قوربانی یەکەم لەم شۆڕش دا.

تەنها خەڵکی ئێران مافی ئەوەیان هەیە باسی گۆرینی ڕژێم بکەن، چونکە ئەوانن 27 ساڵە بە دەست ڕژێمی بوژوازی ئێران دەچەوسێنەوە. هەر ئەوانیشن لە سەنگەردان لە بەرامبەر ئەم ڕژێمەدا. ئەمرۆ بزووتنەوەیە کۆمەڵایەتی یەکان لە ئێراندا لە ئاستێکی باشدان، لە بزووتنەوەی کرێکاری یەوە هەتا بزووتنەوەی ژنان و خوێندکاران و بزووتنەوەی خەڵکی کوردستان و کەمینە نەتەوەییەکانی تر....هتد. بە بەراورد بە ڕۆژهەڵاتی ناوەراست، ئەم بزووتنەوەیە لە ئێران لە پێشترە و چاوەروانی هەنگاوی پێشرەوانەی زیاتری لێدەکرێت. تەنها هیوا ئەوەیە ئەم بزووتنەوەیە بەهێز تر بێت و بتوانی ئالوگۆری شۆرشگێرانە لە کۆمەڵگای ئێراندا پێک بێنێت. هەر خودی ئەم بزووتنەوەیەشە دەتوانێ ،ڕژێم بگۆرێت و دونیایەکی باشتر بنیاتبنێت، ئەمرۆ ئەمە ئاوات و ئامانجی ملیۆنەها مرۆڤە لە ئێران دا.